# بنەماکانی نارِەزایی هونەرمەندان لەکوێوە سەرچاوەی گرتوە؟؟

(ڕونکردنەوە، پرسیار، بەرەوبونیادنان)

سەماکار: کاروان عومەر

سویسرا

*لەساتەوەختی کۆپەرنیکۆسەوە مرۆڤایەتی کەوتوەتە سەر ڕوبەرێکی لار، بەردەوام خێراتر بەرەو خوار هەرەس دێنێ بەرەو سەنتەری ڕێگا، بەرەو کوێ؟؟ بۆناو هیچ شتێ ... نیتشە*

لەدوای ڕاپەرینی ساڵی 1991ی خەڵکی کوردستان مژدەی هەناسەیەکی نوێ سەرەپای ناوەندو توێژە کۆمەلایەتی و کلتوریەکانی کۆمەڵگەی کوردی تەنییەوە بە هونەرمەندان و ڕۆشنبیرانیشەوە، هەروەك چۆن هەمو ڕوداوێکی سیاسی و شۆڕگێڕانەی میلەتان لە جیهاندا مژدەی هەڵهاتنی خۆرێکی نوێ موژدەی گەلێك مانای فەلسەفی و زانستی جیاواز لە سەرتاسەری کلتور، شوناسی نەتەوە، هزری نوێوە کۆمەڵگە دەدا بەگوێی نەوەکاندا، هەمان شت لای ئێمەی هونەرمەندان ورۆشنبیران چەکەرەی کرد..

ئەوەی ئێمە بینیمان یەکێتی هونەرمەندان بەکۆمەڵێك کێشەی وچیرۆکی قارەمانانەی کلتوری شاخەوە خۆی پێناساندین و بە ڕێزەوە پێشوازیان لێکرا، کێشەکانیان لەنێوان خۆیاندا دوای ماوەیەك لە گرژی لەگەڵ کۆمەڵەی هونەرمەنداندا چارەسەرکرد خۆشحاڵبوین بەیەکگرتنەوەیان لەژێرناوی یەکێتی هونەرمەندان..

ئەوەی لەسەرەتاوە وەك پەیرەووپرۆگرام بینیمان لەباربردنی خەونی تازەگەری و ئەفراندن بوو، لای ئەو هونەرمەندانەی خەونەکانیان لەتەنیشت زەمەنی نوێی ئازادیەوە گوزەری ئەکرد، ئەو ئازادیەی بەخوێنی کەسەکانمان هاتەدی، بە تۆمەتبارکردن و دژایەتی کردنی بێ بنەما، دواجار شەڕی خۆکوژی و کاریگەرییەکانی و دەسەلاتی ڕەشی مەرگدۆستی پێناساندین و بوەهۆی دابەشکردنی کلتور و شارستانیەتی نەتەوەیەك لەسەریەك بستەخاکدا و دەرفەتێکی کارای بۆدروست بوونی گەندەڵی کارگێڕی و بەڕێوبردن لەهەمو دامەزراوەکانی حکومەتدا ڕەخساند، بەدەزگا هونەریی و پەروەردەییەکانیشەوە، تۆمەتبارکردن و دژایەتی و ڕێگرییەکان قوڵتر و فراوانتر مەودایان وەردەگرت، دەسەلاتی هەردو ڕێکخراو تەواوی هێزو گیانی ئەفراندنی سوتاند و ختسیەسەر ڕوبەرێکی لار.. لێرەشەوە ڕقی پیرۆزو کۆنی چەندەها هونەرمەندی گەورەی زیندوکردەوە، بەدوای خۆیدا پاشقول و پیلانی دارێژراو ماڵوێرانکەر، تەنانەت ململانێکانی سەردەمی بەعسیشی زیندوکردەوە، هەمو هەناسەکانی هونەری لەسەرتاسەری کوردستاندا ختستە گیانەلاو گەرنارەزایی و پێشنیارێك لەکاتی خۆیدا کرابێت، ئەوە باروزروف کراوەتە پاساوی ئەو سەرگەردانیەی کە هونەری لەناو کلتوری شاخدا قەتیس کردبوو، هەربۆیە ژمارەی هەلپەرستان و خۆپارێزان لەڕیزی هەردو ڕێکخراودا بەردەوام لەزیادبوندابون، بەجۆرێك کەسێتی هونەرمەند زەلیل وهەزیل ببوو، کەهەندێك وەك لێبوك هەڵسوکەوتیان دەکرد، جارێك بەناوی ڕێکخراو و جارێك بەناوی بەرژەوەندی حیزب و جارێکیش بۆ مانەوە لەدەسەلاتدا بەهەمو لایەکدا دژی پرۆژەی جدی و مۆدرێن دەوەستانەوە لەژێرناوی پارێزگاری کردن لەهونەری ڕەسەنی کوردی کە حیزبەکان هەر لە سەرەتای یەکەمین دابەزینە ناو گۆڕەپانەکانی شەڕی ناوخۆوە حەواڵەی کەناری مەرگیان کرد... هەرئەو ڕوداوانەش وایکرد دەسەلاتی خێڵ و قەبیلە لەناو هونەرمەنداندا پەرەبسێنێت، کەزۆر ناجێگیر خۆیان تیاساغکردەوە، دەسەلاتەکان زۆر ڕاسیستانە بەکاردەهات و تەنها چەند هەنگاوێك لە فاشیستەوە دوربون، بەڕێزانی (ئەنجومەنی بالای هونەرمەندان) بەم شێوەیە ڕوبەڕووی پانتایی هونەر لە کوردستاندا بەردەوام خێراتر بەرەو خوارهەرەسی دەهێنا و هەمو هیوای بونیادێکی هونەریی سەرکوت دەکرا، ئێوەش بەرامبەر بەو هەمو کارەساتە هیچتان نەکرد، تەنها بیرکردنەوەتان ئەوەبووکەبەو شێوەیە ئەتوانن پارێزگاری لەبەردەوامبونتان بکەن و ئەم گەنجانە کە لەڕەوڕەوەی مێژوتان دەکەن، کەمێژوو گوزەرکردنە بەتەنیشت مەرام و خەونەکانی حیزبەوە، ئەوەی ڕون و

ئاشكرابوو بە بێژنگ بەریتان بۆنەگیرا، ترس و دڵەڕاوكێتان لە هەمو پرۆژەیەكی تازەگەری، بریتی بوو لە لەدەستدانی كورسیەكانتان، هەربۆیە بواردان بە هەر دیالۆگێكی شارستانی ئێوەی بەرپرس دەكرد بەرامبەر بە هەمو ئەو ڕوداوانەی لای سەرەوە و هیچ پاساوێكتان بەرامبەر نەوەیەك شك نەدەبرد كە لە ئاسمانێكی تردا بیریان لەفڕینێكی تردەكردەوە وبەئازادیەوە لەژیانی دوای دیكتاتۆریان ئەڕوانی لەكوردستاندا، نەك لەچاوەڕوانی مەرحەمەتی دەسەڵاتی سیاسی لەگەڵ ڕێژمدا، بۆڕاستی ئەو ڕوداوانەی لای سەرەوە نمونە گەلێك هەن كەزۆربەزەقی لەبیرەوەری هونەرمەنددا بەردەوام خۆیان پەخش دەكەن، داخوازی دروستكردنی مەڵبەندێكی شانۆیی لەلایەن كۆمەڵێك هونەرمەندەوە وەك هەڕەشەیەك لەسەردەمی خۆیدا بۆسەردەسەڵاتتان مامەڵەتان لەگەڵ كردوو بەهەرشێوەیەك بێت شكستتان پێهێنا، كاتێك لیژنەی فێستیڤاڵێكی هونەری خەڵاتی فێستیڤاڵێكی كاڵوكرچی ڕەتكردەوە، دواجار دەسەڵاتی حیزب دەخالەتی كردو خەڵاتی زۆرو بۆری دابەشكردو وەزیرێكی بەڕێزی ئەو سەردەمە لە بڵندگۆوە تۆمەتی بەرۆژئاوایی كردن و پەرستنی بێگانەی دایە پاڵ لیژنەی ناوبراو، بەم شێوەیەش بۆهەرێمی دژی ئەو كاتەی سەلماند كە كلتورو شارستانیەتی نەتەوەیی تەنها لای ئەوانەوە گوزەر دەكات، ئاهوواوەیلا بۆ ئەو هونەرمەندانەی لەو كاتەدا بەو ئەنجامە شاگەشكەبون، وەك ئەوەی خەونە دێرینەكانی هونەریان بەرجەستەكردبێت، لەو ئاستەشدا هونەریان خستەناو سەنتەری ڕێگای هیچەوە ئێوە چیتان كرد؟؟ بەداخەوە ئەوە چە پاندنێكی زەق بوو دەرهەق بە لیژنەیەكی هەڵبژێراوی ئازادكرا، هەرلەدوای ئەو هیچەوە توتی ئاسا قاوەقاوەی هزری بێگانە ورۆژئاوا سەرتاوڵەو دۆمینەكانی دەزگاهونەرییەكانی گرتەوە..

دەرئەنجامی ئەو هەمو سەرلێشێواویەی دەسەڵاتی دەسەڵات پەرست و ڕق پەرستانەیە بەرەوفتوای هونەری هەنگاوی نا. كە زۆربەیان فتوای هەوەسپەرستی و هەوەسبازی زۆرفراوانیان بۆدەسەڵاتەكانیان دەرئەكرد، كەهیچی لەدەسەڵاتی مەرگدۆستی كەمتر نەبوو، بەڵام ئێوە هەر بێدەسەڵات بوون؟؟ نەخێر ئەو هەوەسپەرستانەی كە لەئێوەوە پەیمانیان وەردەگرت كەم نەبون، كەم نەبون ئەوانەی بەوەرگرتنی دەسەڵاتەكانیان ئیحائی لە ئێوەوە ناخی چەندین ستافی هونەرییان سوتاندو فتواكان گەیشتنە ئەوەی سەرژمێری ناوی هەموئەو هونەرمەندانە دەكرا كە بەنیازن وڵات چۆڵبكەن بۆدرێژەدان بە سەركوتكاریەكان، دواتریش چەندەها چالاكی هونەریی بەزۆرهێنان و بردنەدەرەوە كە لەبازنەیەكی تەمو مژاوی و داخراوی دورنزیكی لە ڕێكخراو بەرژەوەندی هاوبەش زیاتر هیچی تری لەهەگبەدا نەبوو بۆ هونەرمەندی كورد، لەدوای ڕوخانی بەعسیشەوە ئەوەی ئەگوزەرێ مامەڵەكردنی زۆرترین دەسكەوتە بوەتە فراوانترین ڕێگا بۆزیاتر هیچی و بێ بنەماكردنی هەمو چەمك و ڕەهەندە هونەرییەكان، لەگەڵ ڕێزم بۆئەو هونەرمەندانەی ڕێگەیان نەداوە بچنە ناو ئەو بازنە خۆكوژیەوە، لەدوای بەرنامەی چاوی سێیەمەوە دیسان دەرگاتان لەسەرئەو هەمو پەردە هەڵماڵینە كلۆم دا هەروەك كێشەی هونەرمەندان كێشەیەكی نادونیایی بێت وئەوەی لەم دونیایەدا دەستی بۆ بەرێت گوناهبارێت، بێگومان لەسەر هەمو ئەو كێشانەی سەرەوە بەڵگەی حاشا هەڵنەگر هەیەو لەبەردەم خۆتاندا ڕویان داوە..

لێكدانەوەی وەڵامەكانی ئەنجومەنی باڵای هونەرمەندان:

ناڕەزایی یەكێكە لەسەرەكیترین و مەدەنیترین كۆڵەكەكانی بەرەو پێشچونی ژیانی پیشەیی لەكۆمەڵگەدا هەرناڕەزاییە مرۆڤ بەرەوڕوی ڕاستیەكان و پەردە هەڵماڵین لەسەر دیاردە دزێوەكان و دواجار پێشنیارەكان و چارەسەرەكان دەكاتەوە، هەمان مۆدێللە جیهانی هونەریی و كلتوریدا بوەتە هۆی چاكسازی و نەهێشتنی گەندەڵی لەسەر ئاستی تەواوی دەزگاكانی دەوڵەت ئەگەر لەڕێگەی كاری هونەرییەوە بێت یان بەرپاكردنی ناڕەزایی فراوان نەك تەنها ڕۆشنبیران بەڵكو تێكڕای توێژەكانی كۆمەڵ بەتایبەت ئەو كاتەی ناڕەزایی دەبێتە هەوێنی گۆڕانكاریە گەورەكان وچارەنوس سازەكان لەژیانی نەتەوەیەكدا ئەوەی زۆربەئاشكرا بەدی دەكرێت، ناڕەزاییان و خاوەن دەسەڵاتەكان سەرەتاو كۆتایی پرۆسەكە وەكو هەوڵدان بۆبەرپاكردنی دیالۆگێكی شارستانی بێ مەرج سەیردەكەن، لە پێناو چارەسەركردنی كێشەكان، لەسەرەتایترین ڕێكخراودا

تادوا پلەی حیزب، لەبچوکترین دەزگای دەوڵەتەوە تادەگاتە لێپسراوی یەکەمی دەوڵەت، هەروەك چۆن هیچ دەسەڵاتێك بێ کەموکوڕی نیە، هیچ نارەزاییەکیش بێ ئامانج و بنەمانیە، ئەوەی تێبینی دەکرێت بەڕێزان بەهەمان بیرکردنەوەو ئەزمونی تاڵی ڕابردوتان سەرەتا بەتۆمەتبارکردنی هونەرمەندان و لێکچواندنیان بەنارەزاییەکانی پێشوی خەڵکی کوردستان، لەگەڵ ڕێزی تەواوم بۆهەمو نارەزاییەك، دواتر پشتگوێ خستنی ماوەی چاوەڕوانی کردنتان و پێشوازیکردنیان بە پۆلیس و ئاسایش و مەرجێکی زۆر باوکسالاریانە بۆهاتنە ژورەوە، لێرەوە پرسیار سەرهەڵدەدات، ئەگەر ئەو هونەرمەندانە زۆربەیان ڕۆژێك خوێندکارتان بون بۆئەبێت ئەمرۆ وەك دڕندە و وێرانکار و داگیرکار سەیربکرێن؟؟
ئیتر لێرەوە شوێنێك بۆچاکسازی نامێنێتەوە گوایە لەبەرنامەی نوێتاندا هەیە کەڕابردوەکان ئەمرۆ خۆی نمایش دەکاتەوە، وەك چۆن ئەو هەمو کۆشك وتەلارە ڕازاوانە نەیانتوانیوە تۆزقاڵێك هزربگۆڕن، کۆبونەوەو دانیشتنەکانی چوارساڵی ئێوەش ئەو ڕەفتارانە بەرهەمەکەی بوو، کەئەمرۆ خۆڵ دەکەنە چاوی ڕای گشتیەوە بەرامبەر نارەزاییەك کە لە ڕیاڵێکی تاڵەوە سەرچاوەی گرتوە وساڵەهای ساڵە بەرۆکی هونەرمەندانی نارازی گرتوەو ئەمڕۆش داوای دانیشتنتان لێدەکەن بێ پۆستەکانتان وەکو سەرەتایترین ماف لەدوای ئەو هەمو پێشێلکاریە، گەر ڕێکخراوی هونەرمەندان پیشەیی و هونەرییەو هی ئەوەیە ژیانی هونەرمەندانێك لەمەکاسیبی ڕێکخراو تێربکەن و ئەوانی تریش پشتگوێ بخرێن؟؟ چۆن ڕێگەدرا ئەندامێکی ئەنجومەنی باڵاتان هێرش بکاتە سەرهونەرمەندانی تر؟؟ بۆئێستا ئەو مەسەلەیە ئەوروژێنرێت و لەساتی خۆیدا چ بەرژەوەندیەکی هاوبەش وایکرد کە هیچ پەرچەکردارێکتان نەبێت؟ ئەمە یەکێکە لەو ڕەفتارانەی کەجەخت ئەخاتە سەربەجیزبیبونی ڕەفتارەکانتان، هونەرمەند بەرلە نان و ئاو، ئازادی و حورمەت و ڕێزی پێویستە، هونەرمەند کاتێك داوای لێئەکرێت ماڵێکی هەبێت بۆڕامان و مەنزڵگەو کەش و هەوایەکی وای بۆ بخولقێت کەبتوانێت تواناکانی بەرەو پێش بەرێت بەبێدەنگی بەرەو ئەو خەڵوەتگایە هەنگاو بنێت کەناوی پانتایی ڕۆح و هەستەکانە، بونی مەنزڵگەیەك بۆهونەرمەند سەرەتایترین مافە. کەچی ئێوە بەداخوازیەکی دەرەوەی ژیانی هونەرمەندی ئەزانن هەربۆیە متمانەی هیچ جۆرە گۆرانکاریەکتان پێناکەن، هونەرمەند ناتوانێت لەچوارچێوەیەکی سیخناخ بەتەمومژی سیاسەت و سەوداکردنی مرۆڤ و بەشمەك کردنی ئازادیەکاندا هەناسەبدات، کاتێك هونەرمەند لەپاش هەرنمایشێك لەبری دەست خۆشی کردن لەسەرئاستی کۆمەڵایەتی چەندەها ڕێزوحورمەت دادەنێ و بەئاشکرا سوکایەتی پێدەکرێت، دوا هەوڵ و تەقەڵایان تەنها دروستکردنی ماڵێکە بۆهەوڵدانەکانیان لەبێدەنگیداو گەڕان بەدوای ڕوبەرێکی تر کەبتوانن هەمو هەناسە قەتیس ماوەکانیانی تێدابدەن، بەڕای من گەربەقەبارەی نیوەی سەفەری سیاسیەکانی کوردستان هونەرمەندان لەسەرئاستی نمایش وگۆڕینەوەی زانیاری سەفەری دەرەوەیان بکردایە ئەوا شوناسی نەتەوەییمان لەسەرئاستی دەرەوەو ناوەوە زۆرفراوانتر بەرەو پێشتر ئەچوو، سینەماکار قوبادی نمونەیەکی دیاری ئەوڕاستیەیە...
(کارەکانیان لەکاری مرۆڤی کامڵ ناچێت، لەکاری کەسێك ناچێت باش بیربکاتەوە!! ) ئەوەی ئێوە بەباش بیرنەکەرەوە و ناکامڵی ناوئەبەن ئەو هونەرمەندانەن لەسەرەتای دەستپێکردنیانەوە بەنوێترین ڕێبازی هونەرییەوە بەرەو ڕوی وەرگری خۆیان ئەبونەوە، زۆرینەیەکیان دەستێکی کارایان لەدامەزراندنی زۆربەی گروپە هونەریەکانی کوردستاندا هەیە و چەندەها هونەرمەندی لاو لەسەردەستیان ئامادەکراوە، ئەوانە ئەو کەسانەن بێ چاوەڕوانی پاداشت بەگێرفانی بەتاڵەوە لەهەمو سەردەمەکاندا بەسەردەمی بەعسیشەوە تەنها پەیامیان هەوڵدان بوو بۆتازەگەری لەهونەری کوردیدا و دەرچون لەهەمو شێوەباوەکان وسود وەرگرتن لەئەزمونە جیهانیەکان بۆ ڕزگاربون و پێشخستنی لەهەمو ئەو سەرگەردانیەی کەوەك مۆتەیەك بەردەوام توشی ئەبێت لەکوردستاندا، ئەو هونەرمەندانەی کەدەیانەوێت پەیامی ڕاستەقینەی هونەر وەك خۆی بگەیەنن، نەك وەك ئەوەی دەسەڵات دەیەوێت، کوا هونەری سەردەمی نوێ؟؟ کوا ئەو هونەرەی دەبوایە بەرهەمی ئازادی دوای دیکاتۆری بوایە؟؟

ئەوە تەنها هونەری کوردە بەئێستاشەوە بەندە بەهەوەس پەرستی سیاسەت وسیاسەتبازانەوە، لەگەڵ ڕێزم بۆئەو هونەرمەندانەی کە ڕۆژگارێك کاری شۆڕشگێڕیان کردوە و تالاَوی ڕەشبینیەکانی شاخیان چەشتوە، ئایابە ڕوخانی بەعس ئیتر کاری شۆڕشگێڕی کۆتایی هات؟؟ بەچونە ناوکۆشکەکانی دەسەلاَتەوە ئیتر کاری ئێوە بێدەنگیە؟؟ هونەرمەندی شۆڕشگێڕ، شۆڕشگێڕی هەمو سەردەمەکانە و هەمیشە لەگەڕاندایە بەدوای کەلێنەکاندا، تەنانەت لەدەرەوەی هەرێمی ژیانی خۆی، لەدوای چارەسەریش هەڵپەی گەڕانی نوێی هەیە بەردەوام، ئایا ئێوە شۆڕشتان بۆئەو ژیانە دژوارە کرد؟؟ بۆناوزڕاندن و تۆمەتبارکردن و بەگژاچونەوەی نوێگەری کرد؟ هونەرمەند چیتر ناتوانێت لەژێر چاودێری چاوێکدا کارەکانی بەئەنجام بگەیەنێت کەتەنها لەسەر تاوان و تۆمەتبارکردن ڕاهاتوە، دیسانەوە دەڵێم ئەوانە ئەو هونەرمەندانەن کەتۆزوخۆڵی هۆڵ و گەلەرییەکان چاوگی خۆکاملکردنیان بوە نەك کۆشکەکانی دەسەلاَت، ئەوکەسانەن بۆیەکەم جار وەرگریان وروژاند بەسەردەمیترین وانە ئەویش وانەی ( ئیتر بەسە ئەو ژیانەی کە بەڕیاکاری وڕێزێکی درۆوە بەندە، بەسە ڕێز لەستەمکاری بەرامبەر توندوتیژی وهەڵخەڵەتاندن، بێدەنگی تاوانێکی ترە بەرامبەر مامەڵەکردنە هەڵەکانی دەسەلاَت ) .

( ئێمە لەکۆنگرە یاسایەکمان نوسیوە وابزانم یاسایەکی سەردەمیشە!! ) بەڕێزان کاتی ئەوە نەهاتوە باس لەجێگرکردنی یاساکان بکەین؟؟ تاچەند سەردەمی تر ئێوە بەتەمان بە ( وابزانم، بەڕێکەوت، لەبەرنامەماندایە، گەربوار ڕەخسا، لەوانەیە، زروف لەباربێت....هتد ) بۆهونەرمەندان و خەڵکی کوردستان بدوێن؟؟ ئەوا زانیمان دەسەلاَتی کوردی بەندی ئەم بەڵێن و پەیمانانەبوو تائێستا، بەلاَم ناکرێت بەهەمان شێوە باس لەهونەری نەتەوەیەك بکەین، لەئەزمونی سیاسەتی کوردیدا ئەو مۆدێلەیە خەڵکی سەرگەردان کردوە، بەلاَم بەڕێزینە هونەر مانای بونیادو بەرەو پێش چونە، مانای قسەکردنە لەسەر دواڕۆژێکی تر، مانای جێگرو گەڕانە بەدوای پنتی هەمو جێگیریەکان، ئینجا هەنگاونان، ئێمە تاکەی بەر ڕەحمەتی بارو زروفێك بکەوین کەلەسەر ئەو وتانە هەنگاو ئەنێت؟؟

ئەی چۆن دەنگی دوا ڕۆژ ئەدەن بەگوێی نەوەکاندا هەر بەڕێکەوت؟ یاسا هەیە پشت بەوابزانم ببەستێت؟ ئەی ئەو وەرگرە بە پەرۆشە تاوانی چیە کەساڵەهایە تینوی هونەرێکە کەلەناخەوە بەرەو ڕاستیەکانی بەرێ و لەچوارچێوەکان ڕزگاری بکات، باوەڕناکەم ئێوەی هونەرمەندانی پێشەنگ و مامۆستا ئەوەندە بێئاگابن و ماناقوڵەکانی هونەر بەرامبەر وەرگرەکەیتان لەیادکردبێت، ئایا زۆردرەنگ نیە بۆهەنگاونان بەرەو چونەناوەوە بۆهونەر لەڕێگای زانستە مرۆڤایەتیەکان؟

بەڕاستی کارەساتە کاری هونەری ناتوانێ لەپاڵ (خەمتان نەبێ) دا گوزەر بکات، بەڵکو پێویستی بەبودجەو ئامادەکاری و دڵنیاییەکی تەواو هەیە کە هونەرمەند سەرپشك ئەکات لەهەنگاوەکانی و زەمەنی خۆی بەسەر زەمەنی کارەکەیدا دابەش ئەکات بەم جۆرەش هیچ کێشەیەکی دەروونی و عەقڵی بۆ دروست نابێت لەسەر ئاستی ئەفراندنیش نمونەیەکی بەرز پیشان ئەدات، دواجار هیچ هەڵبزڕکان‌و دودڵی‌و خەمساردیەك بەسەر روخساری کەسی هونەرمەندەوە لەدوای نمایشەکەوە بەدی ناکەین. ئیمزاو ئیمزا کۆکردنەوە، ئیمزا کۆکردنەوە جوانترین‌و بەهێزترین روخساری دیموکراسیە لەو کاتەوەی دیموکراسیەت بوەتە بنەمای دامەرزاندنی دەوڵەت‌و خۆش گوزەرانکردنی مرۆڤ، یەکێکە لەمۆدیلە سەرەکیەکانی ژیانی شارستانی و بەردەوام بەکارئەبرێت لەمەسەلە چارەنوسسازەکاندا، لەهەر فۆرمێکی بەکاربردنیدا بێ پرۆسەیە کە پڕاوپڕ بەر ئاگایی مرۆڤ ئەکەوێ، کە چیتر جێگایەك بۆ نائاگایی نامێنێتەوە، ئەو ساتەیە کە مرۆڤ لە ئیفلیجی بیرکردنەوەکان ئازاد ئەکات و هەست بەتەواوی بریسکەو رووناکی هزرو لێکدانەوەی تاییەت بۆ کێشەکان ئەکات، ساتێکە بۆ گەڕاندنەوەی بەها گەورەکانی مرۆڤایەتی، مرۆڤ لەقولاَیی ناوەوەی خۆیەوە بۆ شتەکانی دەرەوەی خۆی ئەڕوانێ نەك بە پێچەوانەوە، ئەو ساتەیە کە چیتر ڕۆح رازی نابێ تەنها بە ڕوکەشی دەرەوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێ، واتە کاتێ داوای ئیمزا لەهەر کەسێ ئەکرێت گرنگیەکی تەواو بەهێزی ئاگایی ئەو کەسەو دەنگی ئەدرێ، هەر بۆیە زۆر بەفراوانی پشت

بەئیمزا کۆکردنەوە ئەبەستێ بۆ هەر کێشەیەك بێ، ئێستاش ئەو ساتە وەختەیە کە ئەبێ پرۆسەی ئازاو ئازادکردنو متمانەی ئیرادەی تاکی کورد دەست پێ بکاو بونیادنرێ، ئەو ئیرادەو ئاگاییەی سەردەمانێکە سەرکوت کراوە هەر لەداگیرکەرانەوە بەرەو هەموو ئەو یاساو ئەرگومێنتانەی کە هەردەم لەهەوڵداندا بوون بۆ ئیفلیجکردنی تاکی کورد لەدەزگاکانی دەوڵەتەوە تا دەگاتە دەزگا دینیو کۆمەڵایەتیو پەروەردەییەکانەوە بەئێستاشەوە، تاکی کورد هەمیشە لەبەردەم پرۆسەیەکی نائاگاییدا فڕێ دراوە، ئیشکردنەکان لەسەر تاکی کورد لەپرۆسەی پارێزگاریکردنی جەستەی گشتی زیاتر تێپەڕی نەکردووە، ئێستاش کاتی ئەوە هاتووە کە مامەڵەکردنەکان لەسەر پرەنسیپەکانی زانستە مرۆڤایەتییەکان سەرلەنوێ دابڕێژرێتەوە، بۆیە ناکرێ لەرێکخراوێکی دیموکراتیەوە تۆمەتی بێئاگایی بدرێتە پاڵ ئیمزای نەوەی زانست کە وەزارەتی پەروەردەش لێی بێدەنگە، تا کەی خەڵکی سەرجادە بەنەزان لەقەڵەم ئەدرێ؟ بەڕاستی ئەمانە هەمووی هەژاری بیرکردنەوەیە چونکە تەنها لایەنێکی زۆر تەسکی ناڕەزاییەکان ئەبینن و لایەنە ئاشکراکانی ئەشارنەوە، کاتی پرۆسەی ئیمزاکردن پاوان ئەکرێ و لەقاڵب ئەدرێ بەوەی تەنها ئەبێ ناوەند یاخود کۆمەڵەو چین و توێژی ناڕازی بەو کارە هەستن گوایە ئیرادەی خوێندکارو خەڵکی سەرجادە لەو ئاستەدا نییە لەو مەسەلانە تێ بگات، کە ئەمەش ئەوپەڕی سووکایەتییە، بەڵام ئەو ناڕەزاییەی هونەرمەندان تایبەت نییە بەڵکو ئەو پرۆسەی بەمەدەنیکردنەیە کە ئەبێ هەموو دەزگاکانی حکومەت بگرێتەوە لەکوردستاندا، خۆشبەختانە هونەرمەندان و رۆشنبیران پێشەنگی ئەو گۆڕانکاریەن، ئەوە ئەو ساتەیە کە هەموو تاکێکی کورد لەشوێنی خۆیەوە بەتەواوی تێگەیشتنەوە لەگۆڕانکارییەکانی ژیانی خۆی ئەڕوانێ، ئەوە ئەو ریفۆرمخوازانەن کە داوای چاکسازی دەرهەق بەهەموو ئەو پەیمان و مژدە درۆیانەی کە پێیان دراوە ئەکەن، جا بۆیە هەر هەنگاوێك بەرەو کردنەوەی دیالۆگ سودمەندییەکی گەورەتری ئەبێت بەگشتیو بەتایبەتی بۆ مێژووی رێکخراوەکەتان، وابزانم ئێوە بێئاگانین لەهەموو ئەو وتارانەی باس لەسیاسەتی چەپکە گوڵو فرەیی ئەکەن بە بەردەوامی لەگوتارەکانی بەرێزان (تاڵەبانی و بارزانی) دا؟، بەداخەوە تا ئێستاش دوای ئەو هەموو زەمەنە قسەکانتان لەکۆمەڵێ وشەی وشكو بێ گیان، لەهەڕەشەی لەدەستدانی مافی هونەرمەندانەی ئاخر زەمان، تێپەڕی نەکردووە.

هونەرمەندانی ناڕازی بەرێز:

راستە ئێوە پێویستتان بەژمارەی ئیمزا نییە، بەڵکو ناڕەزاییەکان لەڕاستییەوە سەرچاوەی گرتووە هەربۆیە لەئێستادا هاوبەش و هاوڕازی ناڕەزاییەکان ئێووەی لەگەڵ ئیمزای کۆمەڵێکی جیاوازی هونەرمەنداندا کۆکردۆتەوە، کە سەردەمانێك هاوبەشی پرۆسەی هەوەسبازیەکان بوون دەرهەق بەهونەرمەندان، ئەکرێ ئەمڕۆ لەپرۆسەی چاکسازیدا متمانەیان پێبکرێت؟ ئایا بۆ پەشیمانی دەربڕیوە؟ بەمەزەنەی من ئەوە پاساوی گەلێ هونەرمەندە لەناوەوەو دەرەوە کە تا ئێستا بێدەنگن،

لە کۆتاییدا ئەوەی من وەك سەرچاوەی ناڕەزایی نوسیومە تەنها نووکە قەڵەمە دیارە هەر باسەو وردەکاری خۆی هەیەو دڵنیاشم لەهەگبەی هونەرمەندانی تردا چەندەها چیرۆك و باسی جیاوازی تر بەدی ئەکرێت.